# کورد پێویستی بەکەسانی شۆڕشگێڕ و چاونەترس وبەویژدان و بیری نوێیە.
# گەنجینەهیممەتێ

هێمن ڕەئوف،،،سویسرا
hemnrauf@hotmail.com



کاتی لەدایک بوونی ولاتێک بوو لەم خۆرهەلاتی ناوەڕاستەدا،بەرەبەیانێک بوو بۆ ئازادی وسەربەستی،،، ئەم خۆرە لەچیاکانی سورێن وقەندیل و هەکاری یەوەگزنگی دا، لەتیشکەوەنەوشەییەکانی دا سلاوو ڕێز و وەفای شەهیدانی شۆڕشەکان و ئەنفال و کیمیا بارانی هەلەبجەی بۆ حەمرینی بێناز دەناردلەڕۆشناییەکەی دا بەلێن بوو ئەم دەڤەرەبکاتەچرا خان ،، لەئاوابوونی دا لەباوەشی حەمریندا چاولێک بنێت و ولاتێک بەجێ بهێلێت ناوی کوردستان،،

بەلام داخی گران،، ئەم دوو هەورەڕەشەی کورد ، ئەم موجەب وسالبەی دەسەلاتدارانی کوردستان لەبروسکەیەکی وێرانکەردا خەرمانەی خەونی شەهیدانیان سوتاند و هیوای ناخ وبزەی سەرلێوی کەسو کاری شەهیدانیان کوشت، خەریکەئەم خۆرەئاوادەبێت و ئێمەهەر لەشەوەزەنگێکی ترسناکدا جێدەمێنین ،،،،ئەگەر ئەو خۆرەڕەنجو خەباتی دلسۆزانی گەل و نیشتیمان و دەنگی ٩٨% ی خەلکی کوردستان بێت، تێکۆشان و خەبات بۆ ولاتێک ناوی کوردستانو ، دەنگدانیش هەر بۆ سەربەخۆیی بێت،،کەواتەبکوژی ئەم خەونانەکەپارتی ویەکێتی دەکات، ئەو هەورەڕەشەی پەرەگرافەکەی منن،، کەدەیانەوێ جاریکی تر بەدەردەکەی ٧٤ مان ببەن ، خۆیان لەخۆرئاوای پڕ لەفەنتازیاکانی ژیان و ئێمەیش بۆ گاردەکانی جەعفەری وئەو سوپایەی بۆ چەوساندنەوەی میللەت لەخۆ ئامادەکردندایە جێبهێلن ،،سەرانی کورد دەستورێکیان لەگەل برا عەرەبەکانیاندا نوسی پڕەلەلادان لەمافەکانی نەتەوەیەک، ئەو تروسکەیەی کەتێی دابوو ئەویشیان فرۆشت، ئێستا دەستورەکەساف بووەلەوەی کەهیچی بۆ ئێمەتیا نەماوەتەوە(١) ،

لەسایەی ئەم (سەر) ا نەدا ،ڕۆژانەڕێ لەمالەئاوارەکوردەکان دەگیرێت و شەوانەیش مالەعەرەب دەگەڕێنەوەبۆ کەرکوک(٢) ،

بەئاشکرا ئەو دەنگانەی کەداوای سەربەخۆییان کرد لەگۆڕ دەنرێن (٣) ، دەنگی گەلیان لەحکومەتێکدا خستۆتەگەڕ کەکەس گوێیان لێناگرێت،هۆشیار زێباری لەجەددەلەگەل سعودییەکاندا لەکۆبونەوەی دۆستانەدایە، کەچی بەیان جەبر لەعەممانەوەپەیامی ناماقولی

بۆ دەنێرێ،بەگەیی نەبێت سەرکۆمار زۆر سەر بەدەرەوەیەوئاگای لەومیللەتەنەماوە، وادیارەلەوەدەترسێ ماوەکەی تەواو بێت و کامێراکەی جێی زۆری تیاماوەبۆ وێنەی یادگاری،،،،،،،.. سەرۆکی هەرێمیش نتقی لەخۆی بڕیوە،وادەزانم هەتا لەمەسیف و پیرمام بێت ئەو وادەزانێ هەر لەسەیرانو گەشتەو هێشتا وادەی پشووەکەی تەواو نەبووە ،نەبڕیارێک نەهێلێکی سوور ،هیچی دیار نیە!! بەلام ئەم زۆرزانەکاتی زۆری بەدەستەوەیەو وادیارەخۆی ماتداوەبۆ ،کارێکی گرنگترکەئەویش کەلەکەکردنی دۆلار و پارەی ڕەنگاوڕەنگی ترەلەبانکەکانی دنیادا،کەواتەئەمانەنوێنەری ڕاستەقینەی ئێمەی کورد نین ، ئێمەبەماستاوچی وشەرمن وترسنۆکان مافەکانمان نایەتەوەدەست هانین، ئێمەپێویستمان بەکەسانی ئازاو جەربەزەو دڵسۆزبەهەستەنەتەوەییەکانە، پێویستمان بەڕابەری بەویژدان و بەهەستو هۆشە، کەهەست بەبێ بەشی گەلەکەی بکات و، هەوڵبات نەتەوەکەی وەک هەموو نەتەوەکانی دنیا بەوڵاتێک بگات کەهیواو ئامانجێتی،، کەمافی خۆیەتی و خاکی خۆیەتی ولەکەسی زەوت ناکات،کە هەوڵو کۆششی زیاتر و خوێنی تر داوادەکات،،دەسا گەنجینەهیممەتێ

**((داری ئازادی بەخوێن ئاو نەدرێ قەت بەر ناگرێ))**

**((سەربەخۆیی بێ فیداکاری نەبەد سەر ناگرێ))بێکەس**

---

(١) بەزۆری زالمای خەلیل زاد،، لەپێناوی ڕازیکردنی برا عەرەبەسوننەکانیان،گۆڕانکاری لەدەستوردا کرا بەئاراستەی سوننە.

(٢) پوک میدیا،ماوەی ٢ هەفتەیەبەبڕیاری پارێزگای بەغدا شەوانە ٧ تا ١٥ سەیارەداخلی کەرکوک دەبن، کە ماڵەعەرەبن

هەرماڵەبڕی ٦٠٠٠ تا ٧٠٠٠ دۆلاریان دراوەتێ، بۆ کۆچ کردنیان بۆ کەرکوک.

(٣ بۆ ڕۆژنامەی The New Anatolian بەهرۆز گەلالی ،نوێنەری یەکێتی لەتورکیا بۆ ڕۆژنامەی

(کوردی عێراق بڕیاری داوەلەعێراقی یەکگرتوو فیدرالی دیموکراتی دا بمێنێتەوە) ، ،

لەکاتێکدا کوردی کوردستانی باشور تێکڕا دەنگیان بەسەر بەخۆیی دا ،،